# حەماسەی گیلگامێش

**لە ئاڵمانییەوە بۆ کوردی: رەحیم بەهرام زادە**

گیلگامێش ناوی پادشای ئەفسانەیی "سومێر"ە کە بە سەر باژێڕێ "ئوروک" دا حوکمی کردووە، ئوروک باژێڕێکی سومێرە- ناوچەیەک کە ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین ناوەندی کولتورێکی پێشکەوتوو بووە. گیلگامێش دوو لە سێی لەشی خودا و یەک لە سێی مرۆڤە. گیلگامێش (٢٦٠٠-٢٧٥٠بەر لە زایین) دەسەڵاتدارێکی سەرەڕۆیە، بۆیە "ئاروور" خواژنی ئافراندن بڕیاری خولقاندنی "ئێنکیدوو" مرۆڤی دەشت نشین دەدات. ئاروور پێی وایە ئێنکیدوو دەتوانێ بەسەر گیلگامێشدا زاڵ بێ. ئەو دووە لە بەر حەساری پەرستشگا پێکەوە بەشەڕدێن. بەڵام لەو شەڕەدا هیچکامیان دەرفەتی ئەوی دیکە نایە. ئەو دوو دژبەرە دەبنە دۆست و پێکەوە لە زۆر کارەسات رزگارییان دەبێ. گیلگامێش و ئێنکیدۆ پێکەوە لەگەڵ دێوێک بەناوی هووواوا (Huwawa) بەشەڕدێن و لە گەڕانەوە بۆ ئوروک وەک قارەمان پێشوازییان لێدەکرێ. "ئیشتار" خواژنی ئەوین، پاش ئەو رووداوە دڵی دەچێتە سەر گیلگامێش، بەڵام ئەو خۆی لێ دەپارێزی و ئاگای لەوە هەیە "دووموتسی" ئەوینداری پێشووی ئیشتار چی بەسەر هاتووە.

ئیشتاری خوا ژن گاجووتی ئاسمانی بۆ وێرانکردنی زەوی دەنێرێتە ئوروک. بەڵام ئەو دوو پاڵەوانە بەسەر ئەویشدا زاڵ دەبن. خودایان بۆ تۆڵە کردنەوە ئێنکیدوو تووشی نەخۆشییەکی گران دەکەن و بە ئازار دەیکوژن. گیلگامێش دەزانێ وەها چارەنووسێک چاوەڕوانی ئەویش دەکا، بۆیە سەری خۆی هەڵدەگرێ و وەدووی نەمری دەکەوێت. پاش زۆر ڕووداو تووشی گەمییەوانێک دەبێ. گەمییەوان گیلگامێش لە رووباری مردن دەپەڕێنێتەوە و دەیباتە لای "ئوتناپیشتیم"، یەکێ لە باوانە مردووەکانی گیلگامێش. ئوتناپیشتیم بە گیلگامێش دەبێژێ ئەگەر شەش رۆژ و حەوت شەو نەنووی دەگەیە پلەی نەمردن. بەڵام گیلگامێش ئەوەی پێناکرێ. ئوتناپیشتیم باسی گیایەک بۆ گیلگامێش دەکا کە پیر لاو دەکاتەوە. گیلگامیش خۆی بە قووڵایی دەریادا دەکا و ئەو گیایە دەبینێتەوە.

گیلگامێش گەرەکییە بۆ لاو کردنەوەی پیران ئەو گیایە بەرێ بۆ ئوروک. بەڵام مارێک گیایەکەی لێ دەدزێت[1]. ئیتر بە نابەدڵییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئوروک و لەوە دڵنیا دەبێت کە مرۆڤ لە مردن ڕزگاری نابێت و نەمریی خەیاڵێکی خاوە.

چوونکی گیلگامێش دوو لە سێی لەشی خودایە و یەک لە سێی مرۆڤە، بەهۆی بوونی بەشە مرۆڤییەکەیەوە دەبێ بمرێت. لە تەتەڵەی سێهەمی چیرۆکەکەدا باسی ئەوە دەکرێ چۆن ئێنکیدوو، کە مردووە لە دنیای مردووان‌دا بەستراوەتەوە. گیلگامێش لە خودایان دەپاڕێتەوە بۆ رزگارکردنی دۆستەکەی یارمەتی بدەن. "ئێنکی" خودای زەوی، بەزەیی بە گیلگامێشدا دێت و ئیزن دەدا ئێنکیدوو بە کونێکدا لە بن ئەرز بێتە دەر.

لە حەماسەی گیلگامێشدا چەشنێکی نوێی قارەمان دەبینین. گیلگامێش، کە بەشێکی لەشی خودایە و نەمر، ئەو کاتەی لەگەڵ مرۆڤ دەبێتە دۆست، نەمربوونی لەکیس دەچێت. ئیتر لە نێوان نیوە خودا و مرۆڤدا جیاوازییەک نامێنێ. واتە مرۆڤ لە لایەکەوە لە خودا نزیک دەبێتەوە و لە لایەکی دیکەوە هەر

---

[1]لە زۆر کولتوردا کراژ هاویشتنی مار وەک لاوبوونەوە و رزگاربوون لە پیری لێکدەدرێتەوە.

له پلەی هاوچەشنانیدا دەمێنێتەوە. حەماسەی گیلگامێش شێعری شاعیری سۆمێری "سین لێکە ئونینی=SIN-LEQE-UNNINI" ە. رۆحانییەکانی ئوروک بە رەچەڵک دەچنەوە سەر ئەو شاعیرە. ئەوانیش ئەو شێعرەیان، کە نزیکەی ٣٠٠٠ بەیتی بۆ ئێمە ماوەتەوە پشتاوپشت پاراستووە. ئەو دەقەی بە ئێمە گەیشتووە لە ساڵی ١٢٠٠ ی بەر لە زایین لە سەر کوتە سواڵەت نووسراوەتەوە و لەکتێبخانەی ئاشوربەنی پاڵ بینراوەتەوە. ئەو حەماسەیە بەشێوەی جیاواز کاری کردۆتە سەر کولتورە نا-سومێرییەکان و لە حیکایەت و ئەفسانەکانییاندا رەنگی داوەتەوە.

## مێژوو و کاتی خولقاندنی گیلگامێش

حەماسەی گیلگامیش دەگەرێتەوە بۆ ١٦٠٠-٢١٠٠ ی بەر لە زایین و لە ناوچەی نێوان بابل و ئاسیای گچکە نووسراوە و بە چەند زمانی رۆژهەڵاتی لە سەر تەتەڵەی سواڵەت نووسراوەتەوە و گەیشتۆتە دەستی ئێمە. لە روانگەی مێژووییەوە ئەم حەماسەیە وەسفی گواستنەوەیە لە ئەفسانەوە بۆ مێژوو. کۆمەڵی مرۆڤایەتی فێری ئەوە دەبێ بڕیاری خودایان بخاتە ژێر پرسیارەوە و بە راشکاوی دژی بوەستێ. بۆیەش گەڕان وە دووی ژیانی هەمیشەیی بابەتی سەرەکی حەماسەی گیلگامێشە. مرۆڤ دەخوازێت خۆی ببێتە خودا. واتە چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکا. هاوکات ئەو ئەفسانەیە پێمان دەنوێنی مرۆڤ ناتوانێت لە چارەنووسی خۆی تێبگات.

گیلگامێش وەک کەسێکی مێژوویی بوونی سەلمێندراوە و لە نێوان ساڵانی ٢٧٠٠ تا ٢٥٠٠٠ بەر زایین، واتە کۆتایی زنجیرەی دووهەمی شایەکان حوکمی بەسەر ئوروکدا کردووە.

هەر ئەو کاتە ناوی لە نووسراوەکانی سۆمێری لەتەک باوکیدا (لوگالاباندا=LUGALABANDA) لە لیستەی شایانی سۆمێریدا هاتووە. گیلگامێش زۆر زوو وەک خودا چاوی لێکراوە و یەک لە بە دەسەڵاتدارترین حاکمەکانی کاتی خۆی بووە. بە پێچەوانەوە بوونی ئێنکیدوو ئیسبات نەکراوە و لە شوێنەوارە مێژووییەکاندا ناویان نەبردووە. زۆر وێدەچی ئەوە تەنیا ناوێکی ئوستورەیی بێ. ئێنکی ENki لە ئوستورە سۆمێرییەکاندا خودای ئاوی شیرین، عەقڵ و چاکە بوو. ئێنکیدوو یانی خودای زەوی خاس.

ئەم بابەتە لەو کتێبە وەرگیراوە:

Literatur Basiswissen Schule, DUDEN

2002 Mannheim